## وانەی بیستەم

## قوتابێتی - 2

### نوێژ

ڕابەری گروپ: نوێژ بکە لەپێناوی تەرخانکردنی گروپەکەت و ئەم بەرنامەیەی ئامادەکردنی قوتابی بۆ خوداوەند.

### بەشداریکردن

### کرداری نێردراوان

بەنۆرە بەشداری بکەن (یان لە پەراوی خەڵوەتی ڕوحی تایبەت بە هەر یەکێك لە ئێوە) ئەو زانیارییانە بخوێنە کە لە یەکێك لە خەڵوەتە ڕوحییەکان یان لە ئەنجامی ورد بوونەوەت لەو بڕگە کتێبییانەی کە بۆتان ئامادە کراوە (کردار18: 18 - 21: 40) لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەشدارییەکان بەشێوەیەکی کورت بە پێی توانا. گوێ بگرن لە بەژداربوان، هەروەها بە هەواڵدەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پەسەندی بکەن، بەبێ ئەوەی گفتوگۆی زۆری لەسەر بکەن.

### دەرخکردن

### ژیانی هاوبەش

1یۆحەننا1: 7

#### ئـ رامان

| ئایەتی دەرخکردن لەسەر پەراوێك بەم شێوەیە بنووسەوە. | ژیانی هاوبەش: 1یۆحەننا1: 7<br>*﴿بەڵام ئەگەر بە ڕووناکیدا بڕۆین، وەك ئەو لە ڕووناکیدایە، ئەوا لەگەڵ یەکتری ژیانی هاوبەشمان هەیە و خوێنی عیسای کوڕەکەی لە هەموو گوناهێك پاکمان دەکاتەوە﴾* (1یۆحەننا1: 7) | نیشانەی کتێبی لەپشت پەراوەکە بنووسەوە |
|---|---|---|

1 ڕووناکی چییە؟

ڕووناکی ووشەیەکە سیفەتەکانی خودا دیار دەکات (وەك خۆشەویستیی خودا، چاکەی خودا، پیرۆزیی خودا، دڵسۆزیی خودا،... هتد). عیسای مەسیح کاری بۆ ئەوەش کرد کە سیفەتەکانی خودا ببێتە شتێکی ئاشکراو و بینراو. بۆیە، قوتابییانی عیسای مەسیح بانگهێشت کراون بۆ ڕەفتارکردن لە ڕووناکیدا، واتا ڕەفتارەکانیان بەپێی سیفەتەکانی خودا بێت.

2 بە بۆچوونی تۆ، بۆچی ووشەی (ڕووناکی) بە خودا و عیسای مەسیح و باوەڕداران دەوترێت؟

ئـ) ووشەی ڕووناکی بە خودا دەوترێت. (1یۆحەننا1: 5) چونکە سەرچاوەی هەموو ژیانێکی ماددی و ڕوحییە. خودا خۆی هەموو ئەو شتە ماددیانەی دروست کردووە کە لە گەردووندا دەیبینین. هەروەها ژیانی ڕوحی نوێی پێداوین لە ڕێگای مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەکەی لەنێو مردوانەوە.

ب) عیسای مەسیح (ڕووناکی جیهان)ی پێدەوترێت. (یۆحەننا8: 12) چونکە سروشتی خودای بۆ ئاشکرا کردین – بەتایبەت سیفەتەکانی. سیفەتە شکۆدارەکانی خودا لەجیهاندا بەهێزەوە تیشك دەدات لە ڕێگای عیسای مەسیحەوە. عیسای مەسیح زانستی بۆ نەزانەکان، ڕاستی بۆ ئەوانەی هەڵە دەکەن، دانایی بۆ گێلەکان ڕادەگەیەنێت. هەروەها پیرۆزی بۆ گلاوەکان، چاکە بۆ دڕندەکان، خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانە ڕادەگەیێنێت کە دڵیان پڕبووە لە ڕق و کینە. هەروەها دڵی خەمبارەکان شاد دەکات، هانی ترسنۆکەکان دەدات، ئامەدەبوونی خودا و نزیکبوونی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەو کەسانەی مەینەتی تەنیایی و دەربەدەرییان هەیە.

ج) عیسای مەسیح باوەڕداران بە (ڕووناکی جیهان) ناودەبات. (مەتتا5: 14) باوەڕداران بە خودی خۆیان ڕووناکی نین، بەڵکو سیفەتەکانی خودا بۆ جیهان نیشان دەدەن – بەتایبەتی پیرۆزیی و چاکە و خۆشەویستیی خودا (ئەفەسۆس5: 8).

## 3 واتای (ژیانی هاوبەش) چییە؟

ئـ) واتای ژیانی هاوبەش مەسیحی پەیوەندی بەهێز و پەیوەست بوونە لەگەڵ خودا باوك و كوڕ و ڕوحی پیرۆز (1یۆحەننا1: 3) (1كۆرنسۆس1: 9) (2كۆرنسۆس13: 14) هەروەها لەگەڵ باوەڕدارانی تردا لە جیهاندا (1یۆحەننا1: 7). ژیانی هاوبەش مەسیحی پەیوەندییەكی بەهێزی هەیە لەگەڵ جەستەی مەسیحەوە، واتا لەگەڵ كڵێسا (1كۆرنسۆس12: 12-13). باوەڕداران خۆیان پابەند دەكەن بە ڕێنماییەكانی كتێبی پیرۆز و نوێژكردن و یارمەتیداني یەكتر لە كاتی پێویست، هەروەها نانخواردن پێكەوە و بەشداریكردنی پەیامی ئینجیل لەگەڵ كەسانی تردا (كردار2: 42-47). بۆیە، ژیانی هاوبەش مەسیحی تەنها پەیوەندییەكی بەهێز نییە، بەڵكو بەشداریكردنە لە بەرەكەتەكانی خودا (غەلاتیە6: 9-10)، هەروەها بەشداریكردنە لە ئازارەكانیش (فلیپی3: 10). هەروەها ژیانی هاوبەشی مەسیحی هەستەكانی لایەنگری بەهێز و یارمەتیدانی یەكتریش دەگرێتە خۆی (2كۆرنسۆس8: 4).

ب) ژیانی هاوبەش مەسیحی لەوەوە دەستپێدەكات كاتێك كە گوێبیستی پەیامی ئینجیل دەبێت و باوەڕی پێ دەهێنێت. ئەو هەواڵە خۆشەش ئەوەیە كە عیسای مەسیح مرد لەجیاتی گوناهەكانی هەموو خەڵكی و هەستایەوە بۆ ئەوەی كە لە گوناهەكانییان ڕزگاریان بكات (فیلیپی1: 5). بەڵام باوەڕداران پەیوەندی ناچاری لەگەڵ بێ باوەڕەكان دروست ناكەن (2كۆرینسۆس6: 14). هەروەها، باوەڕداران لە هەموو كاتێكدا لە ڕووناكی هەڵسوكەوت دەكەن، چونكە بە بێ ئەوە هاوەڵی نییە (1یۆحەنا1: 7).

## 4 واتای (خوێنی عیسای مەسیح) چییە؟

خوێنی عیسای مەسیح شتێكی جادوویی نییە كە هێزێكی لەڕادەبەدەر و تایبەتی هەبێت، باوەڕی مەسیحی جادوو و جادووكاری سەرزەنشت دەكات، بەڵام ڕستەی (خوێنی عیسای مەسیح) ئاماژە بەو خوێنە دەكات كە لەسەر خاچ ڕژا. ئەمەیش ڕستەیەكی هێماییە و ئاماژە بە مردنی عیسای مەسیحی خوداوەند دەكات لەسەر خاچ، هەروەها ئاماژە بەو بەرەكەتانە دەكات كە لەئاكامی مردنەكەی بەدەستی دەهێنن. بۆیە ئەو باوەڕدارانەی لە ڕووناكیدا هەڵسوكەوت دەكەن دان بە گوناهەكانیان دەنێن و لێخۆشبوونی گوناهە دەستەبەر دەكەن، چونكە عیسای مەسیح بە مردنی لەسەرخاچ لە پێناویان كرێی گوناهەكانیانی داوە.

**ب) دەرخكردن**

**بنووسە:** ئایەتە كتێبییەكە لەسەر كاخەزێكی سپی یان لە پەڕاوی تێبینی بنووسە.

**دەرخبكە:** بەشێوەیەكی ڕاست ئایەتەكە دەرخبكە، متمانەی لێخۆشبوون، (1یۆحەننا1: 7).

**پێداچوونەوە:** گروپەكە بكە دوو بەش، هەر یەك لە قوتابیان دڵنیا بێت لەوەی هاوڕێكەی ئایەتەكەی دەرخكرد.

## وانەی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز
## جیاوازی هاوسەرگیری مەسیحی چییە؟

شێوازی پێنج هەنگاوی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنە بۆ ئەوەی (ئەفەسۆس5: 22-33) پێكەوە بخوێنین.

هەنگاوی 1 بخوێنە

**بخوێنە:** (ئەفەسۆس5: 22-33). بە ڕیز هەر كەسێك ئایەتێك بخوێنێت تا تەواو دەبین لە خوێندنەوەی بڕگە كتێبییەكە.

هەنگاوی 2 بدۆزە

**بیركەرەوە:** ئەو ڕاستییە چییە كە پێت وایە گرنگە لەم بڕگەیەدا؟ ئەو ڕاستییە چییە كە چووە مێشك و دڵتەوە لەم بڕگە كتێبییە؟

**بنووسە:** یەك یان دوو ڕاستی بدۆزەوە كە لێیان بگەیت. بیریان لێبكەرەوە و پاشان بیرۆكەكانت لە پەڕاوەكەتدا بنووسە.

**بەشداریکردن:** (پاش ئەوەی ئەندامانی گرووپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، بیرۆکەکانتان بەشدار بکەن). بەشداری ئەو شتانە بکەین کە هەریەکێك لە ئێمە دۆزییەوە. (ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە سەبارەت بەو شتانەی کە دۆزیویانەتەوە. لە بیرت بێت لە هەر گروپێکی بچووك، ئەندامانی گرووپەکە بە شتی جیاواز بەژداری دەکەن، گرنگ نییە هاوشێوەی یەك بن).

**دۆزینەوەی 1** بەلای منەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەوە ڕاستییە کە لە (ئەفەسۆس5: 22 ، 25) نووسراوە: *«ئەی ژنان ملکەچی مێردەکانتان بن هەروەك بۆ خوداوەند... ئەی مێردەکان، ژنەکانتان خۆشبوێ، وەك مەسیح کڵێسای خۆشویست و لە پێناویدا خۆی بەخت کرد»*. بێگومان هاوسەرگیری گرنگە لە تێڕوانینی خودادا، چونکە بەراوردی پەیوەندی ژن و مێرد لە هاوسەرگیری مەسیحیدا لەگەڵ پەیوەندی عیسای مەسیح بە کڵێساوە دەکات. عیسای مەسیح و کڵێسا نموونەی هەموو هاوسەرگیرییەکی مەسیحین. هەروەها هەموو هاوسەرگیرییەکی مەسیحی وێنەیەکە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی عیسای مەسیحە بە کڵێساوە. واتە، هاوسەرگیری مەسیحی گەواهییەکە بۆ عیسای مەسیحی خوداوەند لەبەردەم جیهان! بۆیە، پێویستە هاوسەرگیرییە مەسیحییەکان ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی عیسای مەسیحی خوداوەندیان هەبێت!

**دۆزینەوەی 2** بەلای منەوە ڕاستی پەسەندکراو ئەو ڕاستییە کە لە (ئەفەسۆس5: 31) نووسراوە: *«لەبەر ئەوە بۆیە پیاو دایك و باوکی بەجێ دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر هەردووکیان دەبنە یەك جەستە»*. لە هەموو کۆمەڵگەیەك هاوسەرگیری ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە چونکە لەم ڕۆژەدا هەموو گەنج و کچێك ماڵی باوکیان بەجێ دەهێڵن تاوەکو پێکەوە خێزانێکی نوێ پێکبهێنن! بەم شێوەیە هاوسەرگیری کۆتایی بە قۆناغە تایبەتییەکەت لەگەڵ دایك و باوکت دێنێت، قۆناغی پەیوەندییە تایبەتییەکەت لەگەڵ هاوسەری ژیان دەستپێدەکات.

هەنگاوی **3** **هەندێ پرسیاربکە**

**بیربکەرەوە:** ئەو پرسیارە چییە کە دەتەوێ ئاراستەی گروپەکە بکەیت سەبارەت بەم برگە کتێبییە؟ با هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستییانە تێبگەین کە لە (ئەفەسۆس5: 22-33) ئاماژەی پێکراوە.

**بنووسە:** هەوڵ بدە بە ڕوونترین شێوە پرسیارەکەت ئامادە بکەیت. پاشان لە پەڕاوەکەت تۆماریان بکە.

**بەشداریکردن:** پاش ئەوەی ئەندامانی گروپەکە هەندێ کات بە بیرکردنەوە و نووسین بەسەر دەبەن، داوا بکە لە هەر کەسێك پرسیارێك ئاراستە بکات).

**گفتوگۆبکە:** (دواتر هەندێ لەم پرسیارانە هەڵبژێرە و هەوڵ بدە لە ڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ گرووپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە).

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن دەربارەی چەند پرسیارێك کە لەوانەیە ئەندامانی گرووپەکەت ئاراستەی بکەن و هەندێ تێبینی گرنگ بۆ بەرێوەبردنی گفتوگۆکە دەربارەی پرسیارەکان.

**پرسیاری 1** سیفەتە تایبەتەکانی هاوسەرگیری مەسیحی چییە؟ **تێبینییەکان:**

ئـ) هاوسەرگیری بیرۆکەی خودایە و دەزگایەکە خودا دروستی کردووە. لە کاتی بەدیهێنان، خودا بینی کە ئادەم پێویستی بە هاوسەری ژیان هەیە. بۆیە خودا ئافرەتێکی بۆ پیاو دروستکرد (پەیدابوون2: 18-24). هەروەها، خودا پەیوەندی هاوسەرگیری پێکهێنا. پێش ئەوەی پیاو و ژن گوناه بکەن، خودا پەیوەندی هاوسەرگیری پێکهێنا تاکو ببێتە پەیوەندییەکی زۆر تایبەت کە ئەم سیفەتانەی تێدایە: لە کاتی هاوسەرگیری، هەموو پیاو و ئافرەتێك دایك و باوکی بەجێدەهێڵێت. هەروەها لە کاتی هاوسەرگیری، یەك پیاو بە یەك ئافرەت جووت دەبێت و پێکەوە ئەو بەشەی لە ژیانیان ماوەتەوە بەیەکەوە بەسەری دەبەن. لە ساتی هاوسەرگیرییەوە، کاری ڕەگەزی (سێکس) دەبێتە ناپاییەك بۆ هەردوو هاوسەر تەنها لەچوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرگیرییان (پەیدابوون2: 24). بەم شێوەیە، خودا تەنها پەیوەندی هاوسەرگیری دروست ناکات، بەڵکو دەزگای هاوسەرگیریش پاراست

کەوتنی پیاو و ئافرەت بەهۆی گوناهە. عیسای مەسیحی خوداوەند و پۆڵسی نێردراو ئەویان دووپات کردەوە کە هاوسەرگیری دەزگایەکە لەدروستکردنی خودایە (مەتتا19: 1-6) (ئەفەسۆس5: 31). بۆیە پێویستە ئەم دەزگایە ملکەچی ئەو بنەما و مەرجانە بێت کە خودا دایناون. لە سەردەمەکانی پەیمانی کۆن، هاوسەرگیری وەك نیشانەیەك بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی ژیانی هاوبەش نێوان خودا و گەلەکەی بەکار دەهێنرا، واتا گەلی عیبرانی کۆن (ئیرمیا3). لە پەیمانی نوێدا، هاوسەرگیری وەك نیشانەیەك بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی ژیانی هاوبەش نێوان عیسای مەسیحی خوداوەند و گەلەکەی بەکار دەهێنرێت (کڵێسا) (ئەفەسۆس5). سەرباری ئەوەی کە کەلتوور و کۆمەڵگا دەزگای هاوسەرگیری گۆڕی کە خودا دروستی کردبوو، بەڵام خودا هێشتا بانگەهێشتی سەرجەم گەل و کەلتوور دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ لای دەزگا هاوسەرگیرییە ڕەسەنەکە کە خۆی دایمەزراندووە.

ب) هاوسەرگیری تاکە هاوسەرییە. مێژووی پەیمانی کۆن بۆمان دەنووسێت کە هەندێك کەسی گرنگ زیاتر لە یەك هاوسەریان بوو. بەڵام فرەژنی لە پەیمانی کۆندا کێشەی زۆری لێکەوتەوە، وەك بەغیلی، جیاوازیی، بت پەرستی بەشێوەی کۆمەڵ (بۆ نموونە، بڕوانە چی بەسەر پادشا سلێماندا هات لە (1پادشایان11: 1-11). فێرکردنی ڕوون لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ ئەوە ئاشکرا دەکات کە فرەژنی شتێکی پێچەوانەی ویستی خوداو دەزگاکەیەتی. خودا پلانە ڕەسەنەکەی نەگۆڕیوە کە لە (پەیدابوون2: 24) هاتووە کە پێویستە پیاو بە ژنەکەیەوە بچەسپێت. ئەو نەیوت پێویستە پیاو بچەسپێت بە ژنەکانەیەوە یان هاوسەرەکانەیەوە (بەشێوازی کۆ) بەڵکو هاوسەرەکەیەوە (بەشێوازی تاك)! عیسای مەسیح ئەم ئامۆژگارییەی دووبارە کردەوە و لە (مەتتا19: 5) ﴿*لەبەر ئەمە پیاو دایك و باوکی بەجێ دەهێڵێت و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت، ئیتر دووان دەبنە یەك جەستە*﴾ ئەو نەیوت پێویستە پیاو ببێتە یەك جەستە لەگەڵ چەن هاوسەرێکدا! بەڵکو هەموو کەسانی تری جیاکردەوە لە یەکگرتنەوەی تایبەت بە پەیوەندی هاوسەرگیری بەتایبەت لە یەکگرتنەوەی ڕەگەزی لە چوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرگیریدا. بەم شێوەیە خودا فرەژنی قەدەغە دەکات، بوونی هاوڕێتی و هاوسەری نایاسایی قەدەغە دەکات، داوێنپیسی قەدەغە دەکات، هەموو شێوازێکی دەستبازی و دەمەتەقێ لەگەڵ ئافرەتی تردا قەدەغە دەکات.

پ) هاوسەرگیری تاهەتایە بەردەوام دەبێت. لە سەردەمەکانی پەیمانی کۆندا، مووسا ڕێگای جیابوونەوەی بە گەلەکەیدا (بەهۆی دڵڕەقییانەوە). سەرباری ئەوەی کە پشتیوانی جیابوونەوە نەبوو، بەڵام ئەو نەریتە دڕندەییەی ڕێکخست کە گەلی ئیسرائیل لە نەتەوە بتپەرستەکانی دەورووبەریان هێنابوویان. بەڵام عیسای مەسیح بەڕوونی ئاشکرای دەکات کە لەبنەڕەتدا جیابوونەوە بەشێك نەبوو لە پلانەکەی خودا. بۆیە فەرمووی: ﴿*بۆیە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە*﴾ (مەتتا19: 1-6)! خودا ڕقی لە جیابوونەوەیە (مەلاخی2: 14-16). کتێبی پیرۆزیش ڕێگا بە جیابوونەوە نادات تەنها لە دوو کاتدا نەبێت: یەکەم، لەکاتی ناپاکی هاوسەرگیری (مەتتا19: 8-9). دووەم، لە کاتی ئەوەی کە یەکێك لە هاوسەرە بێ باوەڕەکان بووبە باوەڕدار، بەڵام هاووپشکەکەی ڕازی نەبوو لەگەڵیدا بمێنێتەوە (1کۆرنسۆس7: 12-16). بەڵام لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی نێوان خودا و گەلەکەی پەیوەندی پەیمانە، پێویستە پەیوەندی هاوسەرگیری مەسیحی پەیوەندییەکی دڵسۆزانە بێت و تاهەتایە بمێنێتەوە.

ت) هاوسەرگیری شتێکی کاتییە تەنها لەژیانمانە لەسەر زەوی. عیسای مەسیحی خوداوەند دەفەرمێت لە کاتی هاتنەوەی دووەمی، خەڵکی هاوسەرگیری ناکەن. بەڵکو باوەڕدارە هەستانەوەکان دەبنە هاوشێوەی فریشتە لە ئاسمان (مەتتا22: 30). بۆیە، هاوسەرگیری دەزگای خودایە تەنها لەسەر زەوی، نەك لە ئاسمان و لەسەر زەوی نوێ. دەرئەنجام، دەکرێت بڵێین کە نرخی تاهەتایی بۆ هاوسەرگیری لەسەر زەوی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی وێنەی عیسای مەسیح و مەشق کردن لەسەر سیفەتە مەسیحییەکان و هێنانی منداڵان.

ج) هاوسەرگیری شتێکی ئاساییە، بەڵام باشتر نییە بۆ هەمووان. هاوسەرگیری شتێکی ئاساییە بۆ باوەڕداران (1کۆرنسۆس9: 5) (1تیمۆساوس3: 2). بەڵام عیسای مەسیح و پۆڵسی نێردراو لە (مەتتا19: 10-12) (1کۆرنسۆس7: 32-35) چەند ووشەیەکی تایبەتیان ئاراستەی ئەو کەسانە کرد کە بەبێ هاوسەرگیری دەمێننەوە. خودا داوا لە هەندێك کەس دەکات بەبێ هاوسەرگیری .

بمێننەوە لە ژیانیان یان ڕەنگە بەدرێژایی ژیانیان تاوەکو بەشێوەیەکی تایبەت خزمەتی خودا بکەن. ئەو داوایان لێدەکات خزمەتی بکەن بە دڵێکی تەواوەوە بێ ئەوەی بە شتێکی ترەوە سەرقاڵ بن! هەروەها خودا بەڵێنێکی زۆر تایبەت دەدات بەو کەسانەی بێ هاوسەرگیری دەمێننەوە بەمەبەستی خزمەتکردنی خودا، ئەوان منداڵی ڕوحی دەهێنن کە ژمارەیان لە منداڵی مرۆیی هاوسەردارەکان زۆرتر دەبێت. بەم شێوەیە، خودا بەڵێن بەو کەسانە دەدات کە بەرهەمهێنەریان دەکات لە شانشینی خودا (ئیشایا54: 1-5)!

چ) هاوسەرگیری پەیوەندییەکە پێویستە لەبەردەم خەڵکی پێکبهێنرێت. خودا سێ کاری سەرەکی بۆ هاوسەرگیری داناوە (پەیدابوون2: 24). یەکەم: هەر یەك لە ژن و پیاو و باوك و دایکیان بەجێ دەهێڵن. پێویستە واز بهێنن لە پەیوەندی سۆزداری بە باوك و دایکیانەوە، هەردووکیان پەیوەندی سۆزداری پێکەوە ببەستن. هەروەها، پێویستە پشتبەستی دارایی بە دایك و باوکیانەوە ڕابگرن و لەم بارەیەوە پشت بە خۆیان ببەستن. هەروەها پێویستە ملکەچی بۆ باوك و دایکیان ڕابگرن بەڵکو ملکەچی دەسەڵاتە تازەکان بن کە خودا بۆیانی داناوە بەو پێیەی کە ژن و مێردن. لەلایەکی تر٥و٥، پێویستە هەوڵ بدەن بۆ گوزەرانی ژیان لە خانوویەکی سەربەخۆ (ئەگەر بکرێت) و کار بۆ دروستکردنی خێزانە تایبەتەکەیان بکەن. دووەم، ژن و مێردەکە پێکەوە دەچەسپێن. هەروەها پەیمان دەدەن کە هەردووکیان تاهەتایە بۆ یەکتر بە دڵسۆزی بمێننەوە. سێیەم، هەردوو هاوسەرەکە دەبن بەیەك جەستە. یەکگرتنەوەی جەستەییان ئەوپەڕی یەکگرتنەوەی ڕوحی و سۆزداری و کۆمەڵایەتییە.

هەر یەك لە کوڕ و کچ خۆیان ئامادە دەکەن بۆ بەجێهێشتنی باوك و دایکیان لەڕێگای ئاشکراکردنی ئارەزوویان بۆ هاوسەرگیری. پاشان، کوڕ و کچەکە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هاوسەرگیری و ئاهەنگی گواستنەوە. کاتێك کاتی هاوسەرگیری بێت، هەردووکیان باوك و دایکیان بەجێ دەهێڵن. هەروەها، لە ئاهەنگی گواستنەوەدا، ئەندامانی هەردوو خێزانەکە و باوەڕداران و هاوڕێکان دەبنە گەواهیدەر کە ئەم دوو کەسە پەیمانیان داوە بۆ هاوسەرگیری تاهەتایی و بۆ خۆشەویستی یەکتر و بۆ ئەوەی دڵسۆزی یەکتربن، هەروەها بۆ ئەوەی ببنە یارمەتیدەری یەکتر لە بارودۆخەکانی ژیاندا.

لە ڕێگای خوێندنەوەمان بۆ کتێبی پیرۆزدا تێبینی ئەوە دەکەین کە هاوسەرگیری بڕیارێکی تاك ڕەوییانە نەبووە، یان کارێك نەبووە بە شاراوەیی ئەنجام بدرێت. بەڵکو هەمیشە ڕووداوێکە سەرجەم ئەندامانی هەردوو خێزانەکە تێیدا بەشداری دەکەن. لە سەردەمی کۆندا، بڕیاری هاوسەرگیری بریتی بوو لە هەڵبژاردنی هاوسەر (پەیدابوون21: 21)، هەروەها هەندێك جار پێشکەشکردنی دیارییەك بە خێزانی بووکە (پەیدابوون29: 18) (پەیدابوون34: 12)، پێشکەشکردنی دیاری بە بووك و زاوا (پەیدابوون24: 59،61) (1پادشایان9: 16). بەم شێوەیە، ئاهەنگی بووك گواستنەوە لە بەردەم خەڵکی بەڕێوە دەچوو و ئەم کارانەی لەخۆ دەگرت: بووك و زاوا جلی گواستنەوەیان دەپۆشی (زەبووری45: 13-14) لێرەدا چەند بەردەستێك دەبن یاوەری بووکە دەبن و هاوڕێیش هەیە یاوەری بووکە دەبن. (زەبووری45: 14) (یۆحەننا3: 29) هەمووان بە کاروانی دەچن بەدوای بووکەدا بۆ هێنانی بۆ ماڵی زاوا (25: 1-13) خوانێکی شایی دەبێت هەندێك جار هەفتەیەك بەردەوام دەبێت (مەتتا22: 1-14) (یۆحەننا2: 1-10) (دادوەران14: 17). گرنگترین و مەزنترین بەشی ئاهەنگەکە پەیمانی هاوسەرگیرییە کە خودا خۆ دەبێ بە گەواهیدەر (مەلاخی2: 14) (پەندەکان2: 17) (حەزقیال16: 8)! لەپاش ئاهەنگی گوازتنەوە، هاوسەرگیری گرێ دەدرێت تەواو دەبێت (پەیدابوون29: 21،23) (وتەکان22: 13-21).

ح) هاوسەرگیری مەسیحی لەسەر پەیوەندی نێوان عیسای مەسیح و کڵێسا دەبێت. خودا فەرمان بە پیاو دەدات ببێت بە سەری ژنەکەی وەکو ئەوەی مەسیح سەری کڵێسایە، هەروەها ژنەکەی خۆش بوێت وەکو خۆشەویستی مەسیح بۆ کڵێسا. هەروەها کتێبی پیرۆز فەرمان بە ژنەکە دەدات ملکەچی مێردەکەی ببێت (ئەفەسۆس5: 22-33). بۆیە هاوسەرگیری مەسیحی جاڕدانی عیسای مەسیحە لەبەردەم سەرجەم جیهان. کاتێك هەردوو هاوسەر هاوسەرگیری مەسیحییان بپارێزن، گەلانی جیهان زیاتر لەسەر عیسای مەسیح و گەلەکەی عیسای مەسیح فێر دەبن. ئەوانە تەنها خۆشەویستی خودا بۆیان نابیستن، بەڵکو دەشیبینن لە

هەردوو هاوسەردا لە هاوسەرگیری مەسیحیدا. هەروەها ئەم کەسانە خۆشەویستی پەیوەندی کردن لەگەڵ خودایان نەبیستووە، بەڵکو بە نموونەیەکی زیندوو لەسەر ئەم خۆشییە دەبیینن لە ڕێگای ئەو دوو هاوسەرەوە کە بەم پەیمانە پیرۆزە پەیوەستن. بەم شێوەیە، هاوسەرگیری مەسیحی گەواهیەکی(شایەتیەکی) بەهێزە دەربارەی ئەو پەیوەندیە نایابە کە لە نێوان ئێمە و عیسای مەسیحی خوداوەند هەیە! بۆیە، دەکرێ هەموو هاوسەرگیرییەکی مەسیحی ببێتە کێڵگەیەکی ناردن بەتایبەت کاتێك ماڵی مەسیحی بۆ هەمووان کراوە بێت بەشێوەیەك کە خەڵکی بتوانن بێن و ماڵی مەسیحی لەسەر ڕاستییەکەی ببینن.

**پرسیاری 2** خودا ژن و مێردی مەسیحی لە چ شتێك بەرپرسیارکرد؟ **تێبینییەکان:**

خودا هەموو پیاو و ئافرەتێکی دروست کردووە. هەروەها خودا خۆی پەیوەندی هاوسەرگیری پێکهێنا کاتێك کە ئافرەتی دروستکرد (پەیدابوون2: 18-24). بۆیە، خودا ئەوپەڕی مافی هەیە بۆ ئەوەی بەرپرسایەتی هەر پیاوێك بەرامبەر ژنەکەی دیاری بکات و هەر ژنێکیش بەرامبەر پیاوەکەی. خودا دەزانێت ئەو کەسانەی کە دروستی کردوون چۆن بەباشترین شێوە کاردەکەن. بۆیە کاتێك ژن و مێرد لەم کارەدا گوێڕایەڵی خودا بکەن و هەردووکیان ئەرکی خۆیان بەرامبەر یەکتر جێبەجێ بکەن، چێژ لە هاوسەرگیرییەکی نایاب وەردەگرن.

خودا دەسەڵاتێکی بە ژن و مێرد داوە و بەرپرسیارێتییەکی خستۆتە ئەستۆیان ئەویش ئەوەیە کە خزمەتی یەکتر بکەن. بەڵام خودا ژن و مێردی بە جیاواز لە یەکتر دروست کردووە و بڕیاری داوە کە هەر یەك لەوان گوزارشت لە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی خۆی بکات بۆ خزمەتکردنی ئەوەیتر بەشێوازی جیاواز. خودا دەیەوێ مێردەکە گوزارشت لە خزمەتکردنی ژنەکەی بکات لە ڕێگای دەستپێشخەری لە دروستکردنی پەیوەندی. هەروەها دەیەوێ ژنەکە گوزارشت لە خزمەتکردنی مێردەکەی بکات لە ڕێگای بانگەهێشتکردنی بۆ پەیوەندییەکی گەرم و قووڵ.

ئـ) گرنگترین دوو بەرپرسیارێتی خودا بە مێردی مەسیحی بەخشیوە بەرامبەر بە ژنەکەی، خۆشی بوێت و ڕابەرایەتی بکات.

1. پێویستە مێردی مەسیحی خزمەتی ژنەکەی بکات لە ڕێگای خۆشەویستییەوە. مێردێك ژنەکەی خۆش بوێت واتا بەو ئەندازەیە خۆشی بوێت کە عیسای مەسیح کڵێساکەی خۆشدەوێت (باوەڕداران)، هەروەها دەرخستنی گرینگیدانی و بەخشینەکانی بەرامبەری و بە هەموو دڵێکەوە قبووڵی بکات و یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ببێت بە باشترین شێوە. خۆشەویستی واتای بەخشین و قوربانیدانە بە بێ سنوور دەگەیەنێت. هەروەها خۆشەویستی ئەوە دەگەیەنێت کە مێردەکە بە چاودێری و بەرێزەوە لەگەڵ ژنەکەیدا مامەڵە بکات. هەروەها خۆشەویستی ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو هاوسەر لە خۆشی و ناخۆشیدا پێکەوە بژین، هەروەها لە تەندروستی و نەخۆشیدا. چەند جوانن ئەو وێنەیەی کە ئایەتەکانی (1کۆرنسۆس13: 4-8) بۆمانی دەکێشن دەربارەی خۆشەویستی! کاتێك ئەم ئایەتانە لەسەر مێردەکە جێبەجێ بکەین، دەبینین کە خۆشەویستی خۆڕاگری ئەو خۆشەویستییەیە کە وا لە مێردەکە دەکات چاوەڕوانی و ژنەکەی بکات ئارام بێت. ئەو خۆشەویستییەیە کە مێردەکە هاندەدات بۆ ناسەپاندنی سۆزداری بەسەر ژنەکەیدا، بەڵکو بۆ دەربڕینی سۆزداری لەلای ئەوەوە. خۆشەویستی سۆزدارییش ئەو خۆشەویستییەیە کە مێردەکە هاندەدات بۆ یارمەتیدانی ژنەکەی و بزر نەکردنی یەك دەرفەتیش بەبێ قۆزتنەوەی بەشێوەیەکی باش. هەروەها خۆشەویستی بێ دڵپیسی ئەو خۆشەویستییەیە کە هانی مێردەکە دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ژنەکەی و بەخشینی ئەو شکۆمەندییەی کە شایستەیەتی. هەروەها ئەو خۆشەویستییەی کە شانازی ناکات، خۆشەویسستییەکی خۆبەکەمزانینە کەوا لە مێردەکە دەکات دوور بکەوێتەوە لە کەشوفشی دەربارەی ئەو شتانەی ئەنجامی داوەو جێبەجێی کردوون. خۆشەویستی دوور لە شکۆمەندییش ئەوەیە کە وا لە مێردەکە دەکات ڕوون بێت لە پەیوەنییەکەی لەگەڵ ژنەکەیدا دەربارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە لایەنە بەهێز و لایەنە لاوازەکانی هەیە. ئەو خۆشەویستییەی کە بەبێ کارامەیییە ئەوەیە کە هانی مێردەکە دەدات بۆ دەرخستنی هەموو ڕێزو ڕەوشتییەك لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژنەکەیدا. ئەو خۆشەویسستییەی کە هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکەی نادات، ئەو خۆشەویستییەیە کە وا لە مێردەکە دەکات هەوڵ بۆ بەرژەوەندییەکانی ژنەکەی دەدات زیاتر لەوەی کە هەوڵ بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بدات.

ئەو خۆشەویستییەی کە زوو دەمارگیر نابێت ئەو خۆشەویستییەیە کە وا لە مێردەکە دەکات خۆڕاگر بێت لەو ئازارەی کە ژنەکەی هەندێك جار پێی دەدات.
2 – پێویستە مێردی مەسیحی خزمەتی ژنەکەی بکات لە ڕێگای ڕابەرایەتی کردنیەوە. مێردێك ڕابەرایەتی ژنەکەی بکات واتا ڕابەرایەتی بکات وەکو ئەوەی مەسیح ڕابەرایەتی کڵێساکەی بکات. پێویستە مێردەکە ڕابەرایەتی ژنەکەی بکات وەکو ڕابەرایەتیکردنی شوانێك بۆ مەڕەکانی: پێویستە خواردنی بداتێ و چاودێری بکات و بیپارێزێت و یارمەتی بدات بۆ تێپەڕاندنی کارە سەختەکان. پێویستە مێردەکە ڕابەرایەتی ژنەکەی بکات بەهەمان ئەو شێوەیە کە خزمەتکاری کۆشکێك کاروباری کۆشکەکە ڕاپەڕێنێت: پێویستە بایەخ بە کەلوپەلەکانی بدات، لەگەڵ چالاکییەکانی و بەرەو ڕێگای خوداوەندا بیانبات. پێویستە مێردەکە ڕابەرایەتی ژنەکەی بکات وەك خزمەتگوزارێك بەتایبەت لەو کاتانەی کە پێویستییەکی زۆری پێ دەبێت.
ب) گرنگترین دوو بەرپرسیارێتی خودا بە ژنی مەسیحی بەخشیوە بەرامبەر بە مێردەکەی، خۆشی بوێت و یارمەتی بدات.
1 – پێویستە ژنی مەسیحی خزمەتی مێردەکەی بکات لە ڕێگای خۆشەویستیەوە. کتێبی پیرۆز ئەوە فێر دەکات کە پێویستە ژنی مەسیحی مێردەکەی و منداڵەکانی خۆش بوێت و پاك و خاوێن بێت و بایەخ بە کاروباری ماڵەکەی بدات، بەسۆز بێت و ملکەچی مێردەکەی بێت تاوەکو هیچ کەسێك بە خراپە لەسەر ووشەی خودا قسەنەکات (تیتۆس2: 4-5). هەروەها خۆشەویستی ئەوە دەگەیەنێت کە ژن و مێردەکە بە خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بژین، هەروەها لە تەندروستی و نەخۆشیدا.
2 - پێویستە ژنی مەسیحی خزمەتی مێردەکەی بکات لە ڕێگای یارمەتیدانیەوە. کتێبی پیرۆز فێری ئەوەمان دەکات کە پێویستە ژنی مەسیحی ملکەچی پیاوەکەی بێت (ئەفەسۆس5: 22-24) (1پەترۆس3: 1-6)، هەروەها ڕێزی لێ بگرێت (ئەفەسۆس5: 33). خزمەتی مێردەکەی بکات بەوەی کە ملکەچی ڕابەرایەتییەکەی و ڕێز لە ڕابەرایەتییەکەی بگرێت. ئەم ملکەچییە لێرەدا ملکەچی کۆیلە بۆ گەورەکەی ناگەیەنێت، بەڵکو ملکەچی بێت وەك یارمەتیدەرێك (کردار2: 18). پێویستە بە خۆبەخشییەوە دوای بکەوێت و ببێتە باشترین ئەندام لە تیمەکەیدا. کاتێك ئەندامیشە لە تیمەکەیدا، پێویستە ڕاوبۆچوون، پێشنیار، بیرۆکە، یارمەتی، پشتیوانی، هەمووی بە باشترین شتێوە پێشکەشی بکات. هەروەها پێویستە لەسەری هەموو پرسە گرنگەکان کە پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتییانەوە هەیە لەگەڵیدا تاوتوێ بکات. هەروەها ئەوانەی پەیوەندییان بە هاوسەرگیری و خێزان و کۆمەڵگەکەیانەوە هەبێت. هەروەها بەشداربێت لەگەڵیدا لە وەرگرتنی بڕیاری دروست و تاوتوێ کردنی کاردانەوەی بڕیارەکانیان. لە کاتێکیشدا کە نەیانتوانی بگەنە بڕیارێکی هاوبەش، پێویستە ڕێگای بداتی بڕیاری کۆتایی بدات و بەرپرسیار بێت لە ئاکامەکانی بڕیارەکەی. بەڵام ملکەچ کردنی بۆ مێردەکەی تەنها لەچوارچێوەی ئەو داواکارییانەیە کە خودا داوای دەکات. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر مێردەکەی داوای لێکرد کارێکی خراپ ئەنجام بدات، پێویستە بەنەرمی ئەو داواکارییە ڕەت بکاتەوە (کردار5: 29).
بەڵام ڕێزی بۆ مێردەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی نەرم و سۆزدارییەوە گوزارشت لە بۆچوون و سەرنجی خۆی بکات و ڕێگا بە خودایش بدات سەرنجەکانی بچەسپێنێت بەشێوازی تایبەتیی خۆی. هەروەها ڕێزگرتن لە مێردەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە بە کردەیی بیر لە ئامۆژگاری مێردەکەی بگرێت و لە پلانەکانیدا هاوبەشی بکات، ئاگاداری بکاتەوە لەو سەرکەوتنەی دەستەبەری دەکات. لە لایەکی ترەوە ڕێزگرتنی لە مێردەکەی واتا بە خۆبەخشی دەستپێشخەری بۆ خزمەتکردنی بکات پێش ئەوەی خۆی داوا بکات و گوێڕایەڵی بکات و هەوڵ بدات لە کێشە و ڕاوبۆچوونەکانی بگات.
کاتێك مێردێك هاوسەرەکەی خۆشبوێت و ڕابەرایەتی بکات وەکو ئەوەی مەسیح پێی خۆشە و کڵێسەکەی ڕابەرایەتی بکات، بۆ ژنەکە سەخت نابێت ڕێزی لێبگرێت و ملکەچی ڕابەرایەتییەکەی بێت لە ناو خێزاندا. باشترین ڕێگایش کە بۆ منداڵان ڕوخسابێت بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە فێری مانای ڕاستەقینەی خۆشەویستی، ڕێزگرتن، ڕابەرایەتی، ملکەچی ئەوەیە کە بە بەردەوام چاودێری پەیوەندی نێوان باوك و دایکە باوەڕدارەکانیان بن.

هەنگاوی 4 : **جێبەجێکردن**

**بیربکەرەوە:** کام لەو ڕاستییانەی کە لە کتێبی پیرۆز هاتووە دەست دەدات وەکو کارێکی ڕەفتاری باوەڕداران؟

**بەشداریکردن:** با پێکەوە ئەو جێبەجێکردنانە بنووسین کە دەتوانین لە (ئەفەسۆس5: 22-33) دەریبهێنین؟

**بیربکەرەوە:** ئەو جێبەجێکردنە پێشنیارکراوە چییە کە خودا لێتی داوا دەکات بیگۆڕیتە بە جێبەجێکردنی کەسی؟

**بنووسە:** ئەم جێبەجێکردنە کەسییە لە پەراوەکەت بنووسە. هەست بە سەربەخۆیی بکە لە بەشداریکردنی جێبەجێکردنە کەسییەکەت کە خودا لە دڵتی داناوە. (لەبیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك ڕاستی جیاواز ڕێکدەخەن: یان لە خودی ڕاستییەکە جێبەجێکردنی جیاواز دەردەهێنن. ئەمەی خوارەوە لیستەیەکە بە جێبەجێکردنی پێشنیارکراو).

نموونەی جێبەجێکردنی پێشنیارکراو.

5: 22 بۆ هەردوو هاوسەر: پێویستە ژن ملکەچی مێردەکەی بێت. بەڵام هەندێك کات و سات هەیە کە وادەخوازێت مێردەکە ملکەچی ژنەکەی بێت. (ئەفەسۆس5: 21). توێژینەوەیەك بکە دەربارەی چۆنێتی ملکەچکردنی کڵێسا بۆ عیسای مەسیحی خوداوەند. ئەو کارە لە پەیوەندیت لەگەڵ هاوسەری ژیانت جێبەجێ بکە.

5: 23 بۆ مێرد: توێژینەوەیەك بکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن عیسای مەسیح سەری کڵێسایە، هەروەها چۆن ڕابەرایەتی کڵێسا دەکات. ئەو کارە لەسەر پەیوەندیت بە هاوسەرەکەتەوە جێبەجێ بکە.

5: 25 بۆ مێرد: توێژینەوەیەك بکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن عیسای مەسیح خوداوەند کڵێسای خۆشدەوێت و چۆن خۆی لە پێناویدا دەبەخشێت. ئەو کارە لەسەر پەیوەندیت بە هاوسەرەکەتەوە جێبەجێ بکە.

5: 26- بۆ مێرد: توێژینەوەیەك بکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن عیسای مەسیحی خوداوەند لە ڕێگای ووشەکەیەوە کڵێسا خاوێن دەکاتەوە و مەزنی دەکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر هاوشێوەی خۆیی دەکات. ئەو کارە لەسەر پەیوەندیت بە هاوسەرەکەتەوە جێبەجێ بکە.

5: 29 بۆ مێرد: توێژینەوەیەك بکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن عیسای مەسیحی خوداوەند کڵێساکەی پەروەردە دەکات و چاودێری دەکات. ئەو کارە لەسەر پەیوەندیت بە هاوسەرەکەتەوە جێبەجێ بکە.

5: 31 بۆ هەردوو هاوسەر: با هەر یەك لە ژن و مێرد خۆی بپشکێنێ بۆ ئەوەی بزانێت کە هێشتا پشتیان بە دایك و باوکیان بەستووە بە هەر شێوەیەك بێت.

5: 33 بۆ ژن: توێژینەوەیەك بکە دەربارەی ئەوەی کە چۆن کڵێسا لە کتێبی پیرۆزدا ڕێز لە عیسای مەسیحی خوداوەند دەگرێت. ئەو کارە لەسەر پەیوەندیت بە مێردەکەتەوە جێبەجێ بکە.

نموونەی جێبەجێکردنی کەسی.

ئـ) بۆ مێرد: پەیمان نوێ دەکەمەوە کە ببمە ڕابەرێکی هاوشێوەی عیسای مەسیح. من دەمەوێ خزمەتی خێزانەکەم بکەم لەو لایەنانەی تێیدا پێویستی پێم هەیە زیاتر لە لایەنەکانیتر. هەروەها دەمەوێ چاودێری تەندروستی جەستەیی و تەندروستی ڕوحی بکەم و بیپارێزم و یارمەتی بدەم لە تێپەڕبوونی ئەو کۆسپانەی کە ڕێگریی دەکەن. هەروەها دەمەوێ لە خۆویستی دوور بکەومەوە و بە ڕوحی بەخشین و قوربانیدان خزمەتی بکەم.

ب) بۆ ژن: تێگەیشتنێکی تازەم بۆ مانای ملکەچی وەرگرت. ملکەچی ژن بۆ مێردەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە بە کارایی یارمەتی بدات لە ڕێگای پێشکەشکردنی پێشنیار و دانانی پلان و خزمەتی کردەیی بەبێ ئەوەی هەڕەشە لە ڕۆڵە ڕابەرایەتییەکەی لەناو خێزاندا بکات. زۆر جاریش ژن دەتوانێ یارمەتی مێردەکەی بدات بە دوور لە هەموو خۆویستییەك کاتێك خۆشەویستییەکەی بۆی و بەخشینەکەی بەرامبەری تاقی بکاتەوە.

هەنگاوی 5 نوێژ بکە.

با بە نۆرە نوێژ بەرزبکەینەوە بۆ خودا، هەر کەسێك بۆ ڕاستییەك نوێژ بکات کە خودا لە ڕێگای (ئەفەسۆس5: 22-33) فێرمانی کرد. (لە نوێژەکەت لەگەڵ ئەو شتە وەڵامدانەوەت هەبێت کە لە وانەی ئەم پەرتووکە فێری بوویت. مەشق بکەن لەسەر نوێژی کورت کە لە ڕستەیەك یان دوو ڕستە پێکبێت. لە بیرت بێت کە ئەندامانی هەر گروپێك دەتوانن بۆ شتی جیاواز نوێژ بکەن)

**نزا**

لە گروپی دووانی یان سیانیی، نوێژ بەرز بکەنەوە لە پیناوی یەکتری و هەموو جیهان.

## ئەرکی ماڵی
## بۆ وانەی داهاتوو

ڕابەری گروپ: ئەم ئەرکەی خوارەوە بە نووسراوی بدە ئەندامانی گرووپەکەت، یان داوایان لێبکە لە پەڕاوەکانیان بینووسنەوە.

**بەڵێن:** بەڵێن بدە قوتابێتی بە کەسانێتر بکەیت بۆ عیسای مەسیح. فێرکردن پێشکەش بکە دەربارەی (ئەفەسۆس5: 22-33).

**خەڵوەتی ڕوحی:** هەموو ڕۆژێك کاتێکی بەسەر بەرە لە خەڵوەتی ڕوحی. ڕۆژانە نیو بەشی بخوێنە (ڕۆما1-4). شێوازی ڕاستی پەسەندکراو بەکار بهێنە. تێبینیەکانت بنووسە.

**دەرخکردن:** ووشە: ژیانی هاوبەش: (1یۆحەننا1: 7). هەموو ڕۆژێك پێداچوونەوەیەك بکە لەو ئایەتە کتێبییانەی دەرختکردووە.

**نوێژ:** ئەم هەفتەیە سەبارەت بە شتێك یان کەسێکی دیاریکراو نوێژ بکە، چاوەڕوانبە خودا چی دەکات. (زەبووری5: 3).

**زانیارییە نوێکان بنووسەوە لە پەڕاوی** تایبەت بە قوتابێتی. ئەو تێبینیانەت بنووسە کە پەیوەندی هەیە بە خەڵوەتی ڕوحی، دەرخکردن، خوێندنەوەی کتێبی، ئەم ئەرکە ماڵییە.